walamakan.com

# ئیمامەتی

## لە پێشنوێژییەوە بۆ پێشەوایەتیی دڵەکان

﴿ ٣٣ پەیامی کورت بۆ مامۆستایانی مزگەوت ﴾

وەرگێڕانی بە دەستکارییەوە

ستافی ماڵپەڕی وەڵامەکان

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

## ئیمام ڕێنیشاندەری دڵەکان

ئەرکی ئیمامەتی و پێشەوایەتی لە مزگەوتدا، تەنها جێبەجێکردنی چەند ڕێوڕەسمێکی ئایینی نییە، بەڵکو وەستانە لەو شوێنەی کە ڕۆژانە پێغەمبەری خودا (ﷺ) تێیدا دەوەستا بۆ ڕابەرایەتیکردنی ئوممەت.

ئیمام تەنها پێشنوێژ نییە، بەڵکو باوکێکی میهرەبان، مامۆستایەکی دڵسۆز و چرایەکی ڕووناککەرەوەی گەڕەکەکەیەتی.

بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە پیرۆزە بە باشترین شێوە و بگات، ئەم (٣٣) پەیامە کورتە ئاڕاستەی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە ئەمانەتی پێشەوایەتییان لە

ئەستۆدایە؛ تاوەکو مزگەوت ببێتەوە بەو مەڵبەندە زیندووەی کە دڵەکان تێیدا ئارام دەبن و کۆمەڵگە بەرەو چاکە ڕێنوێنی دەکات.

## ١. با نییەت و مەبەستت لە ئیمامەتی، تەنها ئەو مووچە و بژێوییە نەبێت کە وەریدەگریت؛

بەڵکو هەوڵ بدە مەبەستت سوودگەیاندن بێت بە خەڵکی ، لە ڕێگەی نوێژ و وتارەکانت.

## ٢. ڕەوشت بەرزییەکەت، کلیلی چوونە ناو دڵ و دەروونی خەڵکە؛

بۆیە هەمیشە ڕووخۆش و خاکی بە، لە کاتی ئامۆژگاریکردنیشدا نەرمونیان و لەسەرخۆ بە.

٣. لە مزگەوتەکەتدا هەم خۆشەویستت هەیە و هەم نەیار، ئەمەش شتێکی سەیر نییە. ئەگەر لە ڕەفتارەکانتدا دانایی و حیکمەت بەکاربهێنیت، دەتوانیت سەرنجی هەمووان بۆ لای خۆت ڕابکێشیت و ڕێزیان بەدەست بهێنیت.

٤. پۆشتەیی و پۆشاکی جوان (کە لە هەمان کاتدا سادە بێت)، کاریگەرییەکی ئەرێنی و وێنەیەکی جوان لای خەڵکی سەبارەت بە کەسایەتیت دروست دەکات.

٥.کاتێک هەڵەیەک لە نوێژخوێنێک دەبینیت (بۆ نموونە: دەنگی مۆبایل لە ناو نوێژدا)، زۆر بە

**لەسەرخۆیی ئامۆژگاری بکە؛** بزانە کە نەرمونیانی کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر دەروون هەیە، جگە لەوەی ئەم شێوازە وێنەیەکی زۆر جوانی تۆ لای نوێژخوێنانی تریش جێگیر دەکات.

## ٦. هەندێک لە مامۆستایان نوێژەکە ئەوەندە درێژ دەکەنەوە وەک ئەوەی بە تەنیا نوێژ بکەن؛

کارەساتەکە کاتێک گەورەتر دەبێت کە دەنگی قورئان خوێندنەکەشیان ئەوەندە خۆش نەبێت. ئەم جۆرە ئیمامانە بیریان دەچێت کە لە پشتیانەوە کەسی بەتەمەن، نەخۆش و ڕێبوار (مسافر) هەیە کە تواناى ڕاوەستانی زۆریان نییە.

٧. بینیومە هەندێک لە پێشەوایان شارەزای سەرەتاییترین بنەماکانی تەجوید نین؛ نە "إظهار" دەناسن و نە "إدغام" و نە درێژکردنەوەکان (مدود)، ئەمەش وا دەکات نوێژخوێن چێژ لە خوێندنەوەکە نەبینێت. لە بەرامبەردا، هەندێکی تر ئەوەندە زیادەڕەوی لە تەجوید و درێژکردنەوەی پیتەکاندا دەکەن وەک ئەوەی لە پێشبڕکێدابن؛ کەچی میانڕەوی لە هەموو شتێکدا باشترە.

٨. هەندێکی تر تەنها سەرقاڵی لاساییکردنەوەی قورئانخوێنە ناودارەکانن؛ دەنگیان بەرز دەکەنەوە، ڕەنگە هەندێکیان سەرکەوتوو بن، بەڵام زۆربەیان شکستی تێدا دەهێنن و بەهۆی زیادەڕەوییەوە دەنگیان دەبێتە مایەی بێزاری. وەسیەتی من بۆ تۆ

ئەوەیە: بە دەنگی سروشتی خۆت و بە تەرتیلێکی مامناوەند قورئان بخوێنە، چونکە ئەمە زۆر جوانتر و کاریگەرترە.

## ٩. هەندێک لە ئیمامەکان لە کاتی قامەتکردندا

دوادەکەون، ئەمەش زیان بە کاتی خەڵک دەگەیەنێت. کاتێکیش نوێژخوێنان گلەیی لێ دەکەن، توورە دەبێت و وا هەست دەکات ڕێزی ناگرن! لەکاتێکدا ئەگەر خۆی ڕێزی لە کاتی نوێژ بگرتایە، زۆر باشتر و شیاوتر بوو.

## ١٠. کاتێک کەسێک پرسیارێکی شەرعیت

لێ دەکات، ئەگەر بە تەواوی لە وەڵامەکەت دڵنیا بوویت ئینجا وەڵامی بدەرەوە؛ ئەگەر ناشزانیت،

داوای لێبوردن بکە یان ژمارەی تەلەفۆنی زانایەکی ئایینی پێ بدە. هەرگیز لە کاروباری شەریعەتدا بە گومان و "پێم وایە" قسە مەکە.

## ١١. هەندێک مامۆستا لای نوێژخوێنانی

**مزگەوتەکەیان زۆر خۆشەویستن؛** چونکە خاوەن ڕەوشتێکی بەرز و دەنگێکی خۆشن، بە دڵسۆزی و نەرمونیانی و حیکمەتەوە خەڵکی فێری ئایین دەکەن. ئەم جۆرە ئیمامانە ئەگەر ڕۆژێک ون بن، هەمووان هەست بە بێ شوێنییان دەکەن؛ چەندە پێویستمان بەم جۆرە پێشەوایانە هەیە!

## ١٢.پابەندبوونت بە نوێژەکان لە کاتی خۆیاندا،

گەورەترین بەڵگەیە بۆ ڕاستگۆیی ئیمان و دڵسۆزیت.

## ١٣. ئەگەر ویستت سەفەر بکەیت یان بۆ ماوەیەک دابرێیت،

کەسێک لە شوێنی خۆت دابنێ کە خەمخۆری مزگەوت بێت و نوێژخوێندنێکی جوانی هەبێ و لای ئەهلی مزگەوتیش مەقبول بێ.

## ١٤. جوانترین سیفەت کە حەز دەکەین لە تۆدا ببینین، بەزەیی و نەرمونیانییە؛

سەرنج بدە خودای گەورە دەربارەی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەفەرموێت: (وَلَوْ كُنْتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ) واتە : ئەگەر تۆ کەسێکی قسەخراپ و ڕەوشت خراپ و ڕەق و ووشک و دڵڕەق بوویتایە ئەوا لە دەورت دوور ئەکەوتنەوە .

١٥. هەوڵ بدە بۆ کەسە بەتەمەنەکان وەک کوڕ بیت، بۆ هاوتەمەنەکانت وەک برا و بۆ منداڵ و گەنجەکانیش وەک باوکێکی میهرەبان بیت.

١٦. لە خۆشی و ناخۆشییەکانی نوێژخوێنانی مـزگەوتەکـەتـدا بەشـــداربە و لـــێـــیـان دوور مەکەوەرەوە؛ با هەست بکەن تۆ بەشێکی لە ژیانی ئەوان.

١٧. پەلە مەکە لەوەی خەڵکی یەکسەر هیدایەت وەربگرن؛ ئەرکی تۆ تەنها گەیاندن و بانگەوازە بە شێوەیەکی جوان، چونکە هیدایەتدان تەنها لە دەستی خودایە.

### ١٨. پێیان خۆشە بایەخێکی زۆر بە جوانی، پاکوخاوێنی و کەلوپەلەکانی مزگەوت بدەیت؛

دڵنیابە ئەگەر دەستپێشخەر بیت، لەناو خەڵکیدا کەسانی وا دەدۆزیتەوە کە بە دڵ و بە گیان هاوکاریت بکەن.

### ١٩.کوالێتی دەنگی سەماعەکانی مزگەوت کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر شکۆ و جوانیی نوێژ و وتارەکان هەیە؛

بۆیە زۆر وردبە لە ڕێکخستنیان. ئاگاداربە دەنگ لە پێویست زیاتر بەرز نەبێت، یان سەدایەکی (Echo) زۆری بۆ دانەنێیت کە ببێتە هۆی تێکەڵبوونی ئایەتەکان و تێکدانی واتاکە و بێزاربوونی خەڵکیش.

**٢٠. ئەگەر جاروبار لەگەڵ مامۆستایانی تری مزگەوتەکان کۆببیتەوە** دانیشتنێکی دۆستانە و گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو پێشنیارانەی کە دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵکی و بانگەواز لە مزگەوتەکاندا. کارێکی چاکە.

**٢١. بیر لەوە بکەرەوە کە خولێکی لەبەرکردنی قورئان بکەیتەوە بەتایبەت لە پشووی هاوین؛** چ بۆ منـدالان بێـت یـان بۆ گەورەکـان، چونکە ئەمە خـێـرێـکـی بەردەوام و گەورەیە بـۆ تـۆ و بـۆ گەڕەکەکەش.

**٢٢. ڕات چییە ئەگەر مانگانە یان هەفتانە دانیشتنێکی تایبەتت هەبێت لەگەڵ گەڕەک؟** بۆ

ئەوەی لەگەڵ نوێژخوێنانی مزگەوتەکەدا گفتوگۆ دەربارەی بابەتە گونجاو و پێویستەکان بکەن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانتان توندتر بکەن.

**٢٣. دڵ و گوێی خۆت بۆ بیستنی کێشە و خەمەکانی خەڵک بکەرەوە؛** با نوێژخوێنان هەست بکەن تۆ پەناگەیەکی دڵنیایت بۆیان لە کاتی تەنگانەدا.

**٢٤. وەک ئەو مامۆستایانە مەبە کە خەڵکی مزگەوتەکانی تر زیاتر سوودیان لێ دەبینن وەک لە نوێژخوێنانی مزگەوتەکەی خۆی؛** هەمیشە لەپێشینە بۆ ئەو کەسانە بێت کە لە پشتی تۆوە نوێژ دەکەن.

**٢٥. پێویستە هەمیشە سوور بیت لەسەر فێربوونی زانستی شەرعی؛** چونکە خەڵک سەرنجی هەموو ڕەفتارەکانت دەدەن، کارێکی نەشیاوە مامۆستایەک بکەوێتە ناو هەڵەیەکی فیقهی سادەو و ئاسانەوە.

**٢٦. هەندێک کاتی تایبەت تەرخان بکە بۆ سەردانیکردنی نوێژخوێنان لە ماڵەکانی خۆیاندا؛** ئەمە خۆشەویستی و توندوتۆڵی لە نێوانتاندا دروست دەکات.

**٢٧. لە نوێژەکانتدا ئەوەندە پەلە پەل مەکە، کە نوێژخوێنانی پشتت فریای جێبەجێکردنی**

واجبەکانی نوێژ نەکەون؛ هەروەها ئەوەندەش نوێژەکە درێژ مەکەرەوە کە خەڵکی هیلاک ببێ. لەبیرت بێت لە پشتی تۆوە نەخۆش و ڕێبوار و کەسی بەتەمەن هەیە، بۆیە هەمیشە ڕەچاوی حاڵی ئەوان بکە.

**٢٨. ئەوە بزانە کە ناتوانیت بە تەنیا هەموو کاروباری بانگەواز و چالاکییەکانی مزگەوت بەڕێوە ببەیت؛** هەر بۆیە پێویستە تیمێکت لەگەڵ بێت تا هاوکارت بن و ئەرکەکان دابەش بکەن.

**٢٩.کارێکی دروست نییە لە هەموو پرسێکی مزگەوتدا تەنها ڕای خۆت بسەپێنیت،** بەڵکو دەرگای گفتوگۆ بۆ کەسانی تر بکەرەوە. بۆ نموونە:

لە پرسی داگیرساندن یان کوژانەوەی سپلیت و فێنککەرەوەکاندا، پێویستە ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتی و ئاسوودەیی زۆربەی نوێژخوێنان بکەیت.

### ٣٠. لە هەندێک مزگەوتدا پشتگوێخستنی دەستشۆر و تەوالێتەکان دەبینرێت:

هەوڵ بدە هەمیشە چاودێرییان بکەیت، چ لە ڕێگەی هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان یان بە هاوکاری کەسانی خێرخواز بۆ دابینکردنی وەستایەک کە چاکیان بکاتەوە.

### ٣١. پێویستە پەیوەندی نێوان ئیمام و بانگدەر لەسەر بنەمای هاوکاری و لێکتێگەیشتن بێت:

کاتێک ئەوان تەبا بن، دەتوانن باشترین ئامانجەکان بۆ خزمەتی مزگەوتەکە بەدی بهێنن.

**٣٢. هاوسەنگی ڕابگرە لە نێوان ئەرکی ئیمامەتی و کاتەکانی خێزانتدا؛** نە ڕێگە بدە کاروباری خێزانی ببێتە هۆی پشتگوێخستنی مزگەوت، نە بەهۆی مزگەوتیشەوە لە مافەکانی خێزان و منداڵەکانت کەم بکەیتەوە.

**٣٣. ئەگەر بیستت کە کێشە و ناکۆکی لە نێوان نوێژخوێنانی مزگەوتەکەتدا هەیە،** هەوڵ بدە بۆ ئاشتکردنەوەیان؛ بە حیکمەت و ئامۆژگاری جوان هەوڵی چاکسازی بدە لە نێوانیاندا.

## کۆتایی

**بەرپرسیارێتییەك لە پێناو ڕەزامەندی خودا**

لە کۆتاییدا، پێشەوا و مامۆستای بەڕێز.. ئەم پەیامانە تەنها ڕێنوێنییەکی سادە نین، بەڵکو نەخشە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی مزگەوتەکەت بکەیتە ناوەندێکی خۆشەویستی و پەروەردە. لەبیرت بێت کە خەڵکی زیاتر لە وتەکانت، سەرنجی ڕەفتار و مامەڵەکانت دەدەن؛ بۆیە هەوڵ بدە ببیتە نموونەیەک کە متمانە و ئارامی بۆ دەوروبەرەکەت بگەڕێنیتەوە.

هەر هەنگاوێکی بچووک کە بۆ خزمەتی ماڵی خودا و ئاشتکردنەوەی دڵەکان دەینێیت، لای پەروەردگار ون نابێت.

داواکارین لە خودای گەورە پشووودرێژی و دڵسۆزیی زیاترت پێ ببەخشێت و ئەم خزمەتەت بکاتە توێشوویەکی بەنرخ بۆ قیامەتت.

با مزگەوت تەنها شوێنی کڕنۆش بردن نەبێت، بەڵکو ببێتە شوێنی گۆڕینی ژیان و ئاوەدانکردنەوەی ڕۆحەکان.

---

له بڵاوکراوەکانی
ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba٨.org - walamakan.com